ئەو بەرگرانەی لە هاوەل [مشيمة Placenta » دانو دەبنە هۆی قـارس [تحسس] كردنی لەشی دایـكو دژە تـەن بـۆ خـوێنی كۆرپەكە دروست دەبێت لەناو خوێنی دایكداو ئەم دژە تەنانە توانای دەرباز بوونیان هەیە بۆ ناو خوێنی كۆرپەو شاڵاو دەبەنە سەر خڕۆكە سوورەكـانیو تێكیان دەشكێنن ، نیشـانەكـانی لەكاتی لەدایك بووندا دەردەكەوێت كە بریتیـە لە بێهێزیو لاوازی كۆرپەو سپیلكی چاوو پێستی زەرد هەڵدەگەڕێنو ئەگەر خوێنی پێ نەدرێ دەمرێت .

ئامۆژگاری بۆ هاوسەران :(10)

لەگەڵ ئەوەی منداڵی یەكەم لەم جۆرە هاوسەریە تووش نابێت چونكە دروست بوونی دژە تەن ماوەییكی دەوێتو كەم تا زۆرێك ڕۆڵی خۆیان دەبینن ، بەلام [خۆپاراستن لەچارە كردن باشترە] و دەست نیشان كردنی جۆری خوێن بەتایبەتی دایك شتێكی پێـویستە . ئـەگەر لەكـاتی سك پـڕیا دۆزرایـەوە كە دایكەكە خوێنی نێگەتیڤەو باوكەكەش پۆزەتیڤ ئەوا پێویستە پزیشكی پسپۆڕی ئافرەتو منداڵان ببیننو دژە تەنی تایبەتی بدرێتێ بە ماوەی دوو هەفتە پێش زگ دانان .

(1) بە بلوكی پزیشكێتی ناسراوە .
(2) واتە یەك سیسی .
(3) هەندێك پیتی [ئۆ] ی ئنگلیزی بەكاردێنن ، هەندێكیش بە [زیرۆ] ی ئنگلیزی دەخوێننەوە .
(4) كۆمەڵەی [AB] هیچ دژە تەنی نیە بۆیە هەموو جۆرە خوێنێك بۆی دەبێتو كۆمەڵەی [O] هەر دوو دژە تەنی [A و B] ی تێدایە بۆ هیچ خوێنێك بـۆی نابێت جگە لە كۆمەڵەی [O] ـ بڕوانە خشتەكە ـ .
(5) گرووپەكانی خوێن ئەوەندە زۆرن كە ڕەنگە لە دوا ڕۆژێكی نزیكدا جێگـەی پەنجە گرتن [طبع الاصابع] بگرنەوە لەدیاری كردنی تاوانباران .
(6) بۆ یەكەم جار ئەم كاركـەرە لە جۆرێـك مەیمـون دۆزرایەوە نـاوی ڕیسەس [Rhesus] بۆیە وا ناونراو بەكورتی پیتی [Rh] ی بۆ دادەنرێ .
(7) واتە ئەم دابەش كردنە هەموو كۆمەڵەكان دەگرێتەوە بۆ نموونە كۆمەڵی [A] لەوانەیە پۆزەتیڤ بێت یان نێگەتیڤ ، هەروەها كۆمەڵەكانی تریش .
(8) جین بریتیە لەبەردی بناغەی كرۆمۆسۆم كە هەر جووتێك لەجین جۆرە ئاكارێك (صفة) دەگوێزنەوە لەدایكو باوكەوە بۆ ڕۆڵەو نەوەكانیان .
(9) چونكە خوێنی كۆرپە سەربەخۆیەو بەهیچ جۆرێك تێكەڵی خوێنی دایك نابێت .

(10) ئێستا بۆ مارەكردنی هەر كچێك پێویستە كۆمەڵی خوێنی بووكو زاوا دیاری كرابێت جگە لە چەند پشكنینێكی تریش .

گیروگرفتێكی مـەزن هەیـە لە ژیانی گـەنجەكـانمانـدا بەشێكی زۆری بیركـردنەوەیـان بو خـوی رادەكێشێ ئەو ژی عازەبەیە پرسكی گەنجی واتە حب الشباب ئەم مەسەلەیە ژی هەر وەك گوتمان توشي مرۆڤی گەنج دەبێت چ كچ یـا كوڕ لە ئەنجامی كاركردنی زیـادی غوددەكـانی چەوری دەردەكـەن لەتەك موەكاندا و 85٪ لەم توشبوانە بەبێ ئەوەی پێویستیان بە ئامۆژگاری پزیشكی بێت تیـدەپەرنو دەرون بـەلام 15٪ ئەم حالەتانە گەلەك زیادن كە پێویستی بە چارەسەركردنی پزیشكی یان هەیە .

كچەكان لە تەمەنی 16 — 17 سالو كورەكان 17 — 19 ساڵی توشدەبن زۆر بەكەمی لە دوای ئەم تەمەنـەدا توشی مـرۆڤ دەبێ بەلام غەریب نی‌یە ئەگـەر لە تەمـەنی 30 یان 40 یـا تا شەست سالیش ئەم پرسكانە ببینین ئەم نەخوشی‌یە گەلێك هوی هەیەو زانایانِ لەناو خویاندا رای جیاوازیان هەیە بۆ نیشاندنی هۆیەكانی ئەم نەخوشی‌یە بەلام ئـەو هویـانەی تـا راددەیەك ◁

روونکراونەتەوە ئەوانەن :ـ

1 ـ هۆیەکانی کنێتی واتە ویراسی نیسبەتی هەبوونی ئەم نەخۆشی‌یە لەلای ئەو منالانەی باوکو داکیان ئەم پرسکەیان هەبوە 45٪ زیاترە بەلام لەو منالانەی باوکو داکیان ئەم نەخۆشی‌یە یان نەبوە لە 6,7٪ کەمترن .

2 ـ هۆی دووەم پێستی چەورە : عازەبە لەو پێستەدا و لەو جێگایانەی پێستدا پەیدا دەبێ کە چەوری زیاد بێ‌و غوددەکانی چەوری زۆر بن وەك روومەت‌و سینگ‌و پشت هەروەها ئاشکرایە کە ئەوانەی پرسکی گەنجی دەردەکەن ئەوانەن کە پێستیان چەورە .

3 ـ هۆی هۆرمۆنی :ـ هۆرمۆنی نێرنیە دەستێکی بالاو بناغەیی هەیە لە پەیدابوونی ئەم نەخۆشی‌یەو هەر کەسی توشی ببێ ئاستی ئەم هۆرمۆنە لەناو لەشی مرۆڤەکەدا چ کوڕ یا کچ زیاترە لە سنووری ئاسای وتەبیعی دیسان چەند گۆڕانەك لە ئاستی هۆرمۆنەکانی تەبیعی پەیدادەبێ بە تایبەتی ئەو هۆرمۆنانەی لە غوددەی ژێر مێشکدا دەردەچن .

4 ـ هۆی بەکتریا :ـ هیندەك بەکتریای تایبەتی هەن کە لەسەر پێستی مرۆڤدا دەژین بەلام نەخۆشی پەیدا ناکەن هەروەها لەناو غوددەکانی چەوری‌دا پەیدان‌و ژیان لەوێ دەبەنەسەر .. ئەم بەکتریانە هیندەك دەرکراوی تایبەتی دەردەکەن کە بەناوی «ئەنزیم» لە قەلەم دەدرێن کە ئەم ئەنزیماتە دەرچوون غوددەکانی چەوری زیاتر کاردەکەن‌و چەوری زیاتر دەردەکەن کە وەك پرسك دینە بەرچاو ئەوەش عازەبەیە .

خۆراك‌و عازەبە :ـ

ئەو تیوری‌و تێروانانەی پێشان هەبوون کە دەیان گوت پەیوەندیەکی پتەو هەیە لەنێوان خۆراك‌و عازەبەدا واتە هیندەك خواردن یارمەتی پەیدابوونی عازەبە دەدەن هەروەك هیندەك لەبرا پزیشکەکان سوورن لەسەرئەوەی کە ئەو کەسەی عازەبەی دەردەکا نابێ پەنیرو شیرینی‌و چەوری بخوات ئەگەر وابن کەسەکە نابێ ئەم شتانە بخوات و لە دوای‌دا توشی نەخۆشی تر دەبێت نەویش کەم خوراکی‌یە کەچی باس و پشکنینی نهوی پزیشکی‌و دیاردەکا کە ئەم مەسەلە تا ئەو راددەیە نی‌یەو پەیوەندی‌یەکە ژی تا ئەو ئاستە نی‌یەو بە چاکی زانایەکان نەیانتوانی وە ئەم پەیوەندی‌یە بچەسپێنن‌وبیلێن هەیە هەر لەبەرئەوەش ئێمە دەلێین کە ئەو خوشك‌و برایانەی توشی ئەم مەسەلەیە بووینە هەموو جورە خواردنیك بخون دا ئاگاداربن‌و چاودێری لە خواردنەکەیان راگرن کەچێ خواردنێك نەخۆشی‌یەکەیان خەرابتر دەکات لە ژیانی رۆژانەی خوی‌دا ئەو جورە خواردنە نەیخون .

نیشانەکانی عازەبە :ـ

زۆر کەم کەس هەیە چ ژن یان پیاو توشی ئەم نەخۆشی‌یە ئەبێت چ کەم یا زیاد و هەروەك گوتمان لە دەم‌و چاو وپشت‌و سینگ پەیدا دەبێ‌و دوور نی‌یە لە یەك جێگادا تەرکیزی هەبوونی زیاتر بێ : هەروەك لە پشت تەرکیزی زیاتر بێ :

لەسەرەتادا وەك پرسکەکی بچوك سەرەکەی سەرەوە رەشە یان سپی‌یە هیندەك جار و دەوروبەری سورە ئەوە بەناوی «زوان» لە قەلەم‌دەدرێت و پاشان مەزنتر دەبێت و رەنگی سورتر دەبێت‌و بە قەوارەی جیاواز بچوك‌و مەزن لەو جێگایەدا دیار دەبن.

پاشان مەزنتر دەبن‌و چەوری زیاتر تێدا پەیدا دەبێ‌و نەرم دەبن وەك کێم وا دیار دەبن بەلام کێم نی‌یەو چەوری‌یە .

هەروەها ئەوەش لە بیرنەچێ کە عازەبە واتە حب الشباب هیچ نیشانەیەکی نەخۆشی گشتیی‌یەکیان‌و لەشی مروڤ نابەخشن‌و هەر لەو جێگایەدایە کە پێستەکەی توشی دەبێ جگە لە هیندەك جار کە مروڤی توشبو شکایەت لە خەردوشت دەکا ئەوەش هویەکەی عازەبە خوی نی‌یە بەلکو هوی دەروونی‌و سایکولوژی‌یە و تا چەند سال ئەم پرسکانە دەمێنن‌و پاشان بەرزدەبن‌و دوور ژی نی‌یە لەلای هیندەك مروڤ زیاتر بژین .

هیندەك جاریش ئەم عازەبەیە پەرە پێ‌دەورێت‌و مەزنتر دەبێت‌و بەکتریا کار لێ‌دەکا وتوشی هەوبوون دەبێت‌و وەك ڤونێر دەردەکرێت یان پێستەکە تەلەیوف دەکات‌و گرێ گرێ دەبێت‌و جێگای وەك پاشماوەی ئاولەو خوریکە دیاردەبێ .

گیرو گرفتی دەروونی و عازەبە :-

باسو پشکنینی تایبـەتی وا دیاردەکـەن کە تـورەیی‌و شـەپرزەی و گیـروگرفتـەکانی سـوزی‌و دەروونی دەوریکی بچوکی هەیە لە دروستکرون‌و پەیداکردنی ئەم نـەخوشی‌یـە بەلام ئەگەر مروڤیك عازەبەی هەز دەردو گیروگرفتی سـوزو دەرونی بێت عازەبە زیاتر دەبێ هەروەك بو نمونە لە کاتی تاقی کردنەوەی قوتابخانەکان شەپرزەی قەلەق زورەو عازەبە لەم کاتانەدا زیاتر دەردەچێ .

هیندەك لەو گەنجانەی ئەم نەخـوشی‌یەیـان هەیـەو بە تایبەتی ئەوانەی وەسواسن . کاتێکی زور بەرامبەر ئاوینەدا دەبەنە سەر و گەلەك دەست لەم پرسکانە دەدەن‌و دەیانگوشن‌و گـەمە لەگـەل دەکەن‌و ئـەم کارانـە ژی چـارەسـەرکـردن‌و چـاکبـونـەوەی عـازەبـە دواودێخـن‌و گـریی پێستـی دروست‌دەکەن .

عازەبەو ئەو گریی پێستی‌یانەی پەیدا دەبن هینـدەك گیـروگـرفتی دەرونی‌و کـومـەلایـەتی پـەیـدا دەکـەن هـەر لەبەرئەوەشە کە نەخوشی‌یەکە دیارەو لەبەرچاوە .. بەتایبەتی کە لە روومەت بێت ئەم مروڤـە توشی‌بـوە وا هەست‌دەکـا کە خەلکەکە بە چاوێکی کەم تەشای دەکات‌و بەناراحەتی لەگەل خەلك وەجولێشەوە هەر بەدوای ئەوە خوی لە خەلك دەجولێتە لەگەل چالاکی دەوروبەری خوی هاوبەشی ناکاو دوور دەکەوی لە کومەلگـای خوی تـا توشی تـەنهایی کـومەلایـەتی دەبێ‌و بیرەکانی خوی کاوێژدەکاو تـوشی گەلی گیـروگرفتی دەروونی دەبێ وەك شەپرزەیی‌و قەلەق‌و خەموکی‌و پاشـان کارەکـەی شەلەل دەبێت چ لە قوتانجانە یان لە کارگەدا . هەر لەبەرئەوە وا دیارە کە عازەبە هوی ئەم نەخوشی‌یانەی دەروونی‌یە .

چەند ئاموژگاریەك بو چارەسەرکرنی عازەبە :-

1 - یەکەم شت هەر کەسی تووشی عازەبـە دەبێ ئەبێ چـاك بزانێت کە ئەم نەخوشی‌یە بو ماوەیەکی زیاددەمینێت‌و تا چەند سال دەخاینێ و پاشان دەروات لەخوی‌یەوەو هیچ ریشـەیەکی پیس‌و گـواستنەوەو بـەکتـریـایی نی‌یـە .

هەروەها تووشی بووە کە هەدەڤ چارەسەرکردن بزانێ . هەدەڤ یەکەم لابردنی پرسکەکان لەو جێگایانەی تێدا وەرچـوینـە ئـەوەش ئـارامی‌یـەکی دەرونی چـاکی دەداتـە توش‌بووەکە .

هەدەڤ دووەم ئەوە کـە هەول‌بـدرێت گریی پێستی‌و پـرسکی نـوی لە پیستـی‌دا پـەیـدا نـەبـن لەبـەرئـەوە چـارەسـەرکـردنـەکـە وەك پـاراستن یشـە . لەدوایی‌دا چارەسەرکـردن بو ئـەوەیە کـە موزاعـەفاتی نـەخوشی‌یـەکە دووركاتەوە چ دەروونی بن یان گریی پەیدابوونی پێست بێ هەر لەبەرئەوە ژی ئەبن بەنەخوشی بگوترێت ێنێ چارەسەرکردنی بو چەند مانگ تا چەند سال دەخاینێ تا ئەو پلەی ئامـادەبوونی لەشی مروڤی توشبوی عازەبە بو پەیداکردنی ئەم نەخوشی یە کەم دەبێ .

هویەکانی سەرنەکەوتنی چارەسەرکردن :

1 - هوی هەرە گرینگی سەرنەکوتنی عیـلاج ئەوەیـە کە بـە رێکخستن وبـەردەوامی‌و بـو مـاوەیـەکی دوورو دریـژ دەرمانەکان وەرناگرن .

2 - هوی دووەم ئەوە کە نەخوش دەرمان وەردەگـرێ بەلام گوی ناداتە ئاموژگاریـەکانی پـزیشکی بو نمـونە ئـەبێ تتـراسایکلین پێش نـان بخورێت کـەچی نەخـوشـەکـە دەرمانەکەی پاش نان دەخوات‌و هەلژتنی دەرمـانەکـە کەمەو بەهانای ئەوە ناهێت پرسکەکان نەهێلیت .

3 - ترسانی نەخوشی لە ئەنجامی بەکارهێنانی دوورو درێژی دەرمانەکان .

لەم مـەسەلانـەدا دەوری پزیشـك دێتە گـوریێ‌و چون دەتوانێ نەخوشەکەی تێبگەینی کە ئەو دەرمانانەی بو ئـەم نەخوشی‌یە بەکار دێن هیچ کارێکی لابەلای نی‌یەو موزاعەفاتی نەخوشی‌یەکە و ئەو دەرمانانەی بوی بەکـاردێن چنەو چـون لادەبرێن .

هەروەها چون‌و بەچی رێباز چارەسەرو عیلاج دەکرێت ئەوە پزیشکی نەخوشی‌یەکانی پێست دەلێت‌و لێرەدا وابزانم تا رادەیەك هەول‌دا دەربارەی عازەبە شتێك بلێم‌و وبە ئومێـدی ئەوەم کە بەدلی ئێوە بەرێزبێت .